# کافە غەریبان رەحمان سۆفی

**کورتە چیرۆک**

ئێوارەی ڕۆژی هەینی، بەرەو کتێبخانەی شار شۆڕ بومەوە. بەڵام لە نیوەی ڕێگا باران و بەفر چەواشی کردم. لە باتی کتێبخانە لە کافە ڕەستۆرانە چینیەکەی گەڕەکی خۆمان سەرم دەرهێنا. بێلێکدانەوە خۆم کرد بە ساڵۆنەکەدا. بۆنی چێشت و هەڵمی فەزای ساڵۆنەکە بە خێرهاتنی کردم.

لە ڕێگا تەواو تەڕ ببووم. چۆڕاوەی باران بە سەر و ملم دا دەچۆڕاوە. دەستێکم بە سەر وملدا هێنا و چاوە چاوێکەم کرد، کە لە جێگەیێک دانیشم. دیم پیاوێک لەلای پەنجێرەکەوە بە تەنیا دانیشتووە. بە دوو دڵییەوە نزیک بومەوە و لێم پرسی« بۆم هەیە لێرە دانیشم؟» سیلەی چاوێکی تێگرتم و بە دڵ یان نابە دڵ کوتی« فەرموو!»

باڵتەکم داکەند و دام بە سەر پشتی سەندەڵیەکەدا. بەڵام دانەنیشتم. لە پێشدا چووم لە دەستشۆریەکە، فنگە فنگێکم کرد، کەپۆم خاوێن کردەوە، دەست و دەم و چاوم شۆرد، شانەیێکم بە سەرم دا هێنا، و بە دەسماڵێک سەر و چاوم وشک کردەوە.

گەڕامەوە لە هەمبەر کابرادا دانیشتم. بە دەنگی بڵێند وەڕەزی خۆم لە دەست بەفر و سەرما دەربڕی گوتم:« بەفر و بۆرانی چلەگەورە پیاو وەڕەز دەکا » کابرا بە وردی دەیڕوانیە من، تێڕاما بوو، ڕەنگە لەزەینی خۆیدا هەڵیدە سەنگاندم. چەن چرکەیک بێدەنگ بوو. قومێکی لە ئاوجۆکەی بەر دەستی هەڵقوڕاند، دەستی بە لێویدا هێناو، بە پەنجە سمێڵی لادا. و کوتی « وادیارە باش تەڕ بووی!» دوو قوڵپی دیکەی لە ئاوجۆکەی هەڵقوڕاند و گوتی « بمبوورە، من دەبێ بچمە دەرەوە سیگارێک بکێشم ».

ئەو دەرکەوت. بەتەنیا مامەوە. لە شوشەکەوە سەرنجێکی دیوی دەرەوەم دا، بیرم لە باران و بەفر دەکردەوە. بەڵام ژنەی خاوەنی کافەکە هەودای خەیاڵی پساندم. لیستەی خواردەمەنی و خواردنەوەی بە دەستەوە هاتە نزیک مێزەکە، بە ڕوخۆشی سڵاوی کرد و پرسی « چی بێنمە خزمەتت ؟» پەنجەم دایە بەر چناگەم و ئاماژەم کرد بۆ ئاوجۆکەی کابرای بەرمبەرم کە لە سەر مێزەکە دانراموو. ژنە یادداشتی کرد و تێپەڕی.

لە پەنجێرەکەوە دەمڕوانییە دەرەوە، و بیرم لە چلەی زستان و سەهۆڵبەندان دەکردەوە. وەبیرم هاتەوە ئەودەم کە منداڵ بووم، لە دنیای منداڵانەی خۆم دا، لوتم دەنا بە شوشەی پەنجێرەکەوە، هەردوو دەستم دەنا پەنا گوێم و گوێم دەگرت لە خرمەی باران. یان دەچوومە کۆڵان و دەنکە بەفرم ڕاو دەکرد.

لە بیرەوەری و سەیری کڕێوە و بەفر و باران بامداوە بۆ فەزای سالۆنی کافەکە. چاوێکم بە نێو سالۆنەکەدا گێڕا. ڕوانیمە ئەو خەڵکانەی کە تاک و جووت و دەستە دەستە لە دەوری یەک دانیشتبوون. هەموو گۆنە مرۆڤی تێدا دەبیندرا. زۆربەی ئەو مرۆڤانە بێگانە بوون. کۆچەر و پەنابەر. لە فینلاندیەوە، و یوگۆسلاوی، ئەفریقایی، عەرەب، هندی، و تادەگاتە ئێرانی. دیارە سوێد یش ( بەڵام، زۆربەیان بێکار و بیمار و پەراوێز نشینی کۆمەڵگە )

کاتێک دەهاتمە ژووریَ، باران و بەفر ماوەیان نەدام کە بڕوانمە دیوی دەرەوەی خانوی کافەکە. بەڵام سەیری دیوی نێوەوەی سالۆنەکەم کرد. شوشەی پەنجێرەکانی چلتیکە درووست کرابوون. چوار گوڵدان لە پێش پەنجێرەکە بە قەد یەک، بە دوور و نزیکی وەکو یەک دانرا بوون. چوار تەلەڤزیون لە چوار لاوە بە دیوارەکەدا هەڵواسرا بوون، چوار نگاری مینیاتوریش لە ژێر تەلەڤزیونەکان دا لە دیوار کوترابوون. پەیکەرێکی « بودا » ش کە ڕێک بەقەد هەیکەلی پیاوێک دەبوو لای سەرەوەی سالۆنەکە دانرا بوو. مێز و سەندەڵی بە ڕەنگی سووری تۆخ بە ڕێوجێ و ڕێکوپێک دانرا بوون. چەن ماشێنی قوماربازی سنووری خوانچەی پێش چێشتخانە و سالۆنەکەی دیاری کرد بوو.

زۆری پێنەچوو، ژنەی کافەکە بە بتڵی ئاوجۆ و لیوانێکەوە گەڕاوە. لە سەر مێزەکەی دانا و گوتی « فەرموو » هەر لەودەمە دا کابراش گەڕاوە. کووفە کووفێکی کرد و خۆی گرژ کرد و گوتی « پەکوو لەو سەرمایە» کوتم « ئاخر منیش بۆیە خۆم کرد بەم کافەیەدا. دەنا، من ئێوارانی ڕۆژی هەینی دەچمە کتێبخانەی گشتی چاوێ بە ڕۆژنامەکاندا دەگێڕم، ئەگەر بابەتێکم بەدڵ بێ دەیخوێنمەوە « هەڵبەت زۆربەشم بەدڵ نییە، چونکە یان ڕێکلامە، یان خەبەری کریمناڵە/ جنایی یە » جار و باریش کتێب وەردەگرم و لە ماڵەوە بە کاوەخۆ دەیخوێنمەوە. بەڵام ئەم ئێوارەیە، کڕێوە و بەفر ڕێی پێ هەڵە کردم، خۆم کردوە بێرەدا.

کابرا سەیری کردم و پرسی « خەڵکی کوێی ؟ » گوتم « کوردی ئیرانم » پرسی:« بە چ زمانێ دەخوێنییەوە ؟ » گوتم « بە کوردی، فارسی، سوێدی یان ئینگلیسی». سەیرئەوە بوو کە گوتم بە فارسیش دەخوێنمەوە. گوتی « من ئەدەبیاتی فارسییم زۆر پێ خۆشە « پێم سەیر بوو کە ڕێکووڕەوان بە فارسی قسەی دەکرد. سەرنجمی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ئەنگوستم نا بەلێوەمەوە. پرسیم « فارسی لە کوێ فێربووی؟ » گوتی « چەن ساڵ لە ئێران ژیاوم » بە خۆشییەوە شادمانی خۆم دەربڕی و کوتم « بۆم هەیە بزانم ناوت چییە؟ » دەستی برد پێنوسەکەی لە هەگبەکەی دەرهێنا و نووسی « Rada » منیش پێنوسەکەی خۆیم لێوەرگرت بە پیتی لاتینی ناوی خۆمم بۆ نووسی « kurdo » بە گەرمی دەستی لەگەڵ لێدامەوە. گوتی:« بە ناسینت خۆشحاڵ بووم.» دوایە پرسی « چەن ساڵە لە سوێدی؟» گوتم « لەودەمەوە کە ئاگری شەڕی نێوان عێراق و ئێران کوردستانیشی گرتەبە ر » دیارە منیش لەوم پرسی « ئەی تۆ لە کەیەوە لە سوێدی؟ » ماوەیێک تێڕاما، ئاخێکی هەڵکێشا وگوتی« لە

دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە لێرەم « هەناسی سارد هەڵکێشانەکی تەواو خەفەتباری کردم. پرسیم « چۆن بوو کە وڵاتی خۆت بەجێ هێشت و کۆچت کرد بۆ سوێد؟ » گوتی « ئەی کاکە تازە لاو بووم، کە سپای هیتلێر هێرشیان کردە سەر وڵاتەکەمان. باوەکوو تەمەنم کەم بوو، بەڵام ڕەوانەی بەرەی شەڕکرام. واهات لە تەمەرێزێکدا بەدیل گیرام. کەوتمە دەست نازییەکان. هیوام بە خۆم نەمابوو. پێم سەیرە کە چۆن نەجاتم بووە! لە ئۆردوگا بووین خەبەر بە دنیادا بڵاو بووەوە، کە شەڕ کۆتای پێهات و سپای بەرەی سۆڤیەتی سەرکەوتن و سپای فاشیسم و نازی شکەستی هێنا. هیوا و دڵخۆشی کەوتە نێو بەدیل گیراوەکانی ئۆردوگای مرۆڤ سوتاندن و قڵاچۆکردنی جولەکەکان. ڕێکخراوەی خاچی سوور یارمەتی بەدیل گیراوەکانیان دەکرد. منیش بەختم یاربوو لەگەڵ دەستەیەکی دی وەکوو بریندارى شەڕ بە پەنابەری وەرگیرام و لە وڵاتی سوێد گرسامەوە. ئێستا لە مێژساڵە لێرە شارۆمەندی سوێدیم. بەڵام بیرەوەری چاخی منداڵی و لاویم قەت لەبیر ناچنەوە. . . »

تێرامام، هەناسەیکم پڕ بە سینەم هەڵکێشا وهاودەردی خۆم لەگەڵ دەربڕی. دوایە زۆر خۆمانە لێم پرسی « ببورە لە ژیانی ئەمڕۆت ڕازیت ؟» گوتی « ئەی ئەگەر نەبم چ بکەم! مرۆڤ دەبێ بەشتێیەک ڕازی بێ. ژیانێکی نۆرمالم هەیە. کوڕ و کچێکەم هەیە. باشم پەر وەردە و فێرکردون، هەردووکیان تا پلەی بەرزی خوێندنی زانستگەیان تەواو کردووە. کوڕەکم لە ماشێن سازی ڤۆلڤۆ دامەزراوە. ژن و منداڵی هەیە و سەربەخۆ دەژین. کچەکەشم دکتۆری دەرمان ناسییە. لە دەواخانە دامەزراوە. مێردی کردووە، و منداڵیشی هەیە. »

بێدەنگ بوو. دەستی گرت بە چاوەکانییەوە. بە ماناوە سەیری دەم وچاویم کرد، سیما و ڕوخساری پیاوانە دەهاتە بەرچاو. چاوەکانی بە دەسماڵەکەی خاوێن کردەوە، سەری هەڵێناوە و گوتی « ببورە بەخۆم نە بوو » پرسیم « چییە بۆ تێک چووی؟ » ئاخێکی خەفەتباری هەڵکێشا و بەدنگێکی خەماوییەوە گوتی « بەڵام دایکی مندالەکانم، یانی هاوسەرە، زۆر بەوەفا و دڵسۆزەکەم زوو بە جێی هێشتم. . .»

ئێوارەکەمان بە باسی کەش و هەوای سوێد، بە نوکتە گێڕانەوە لە سەر جیاوازی فەرهەنگی خۆمان و سوێدەوە درەنگ کرد. خاوەن کافەکە زەنگۆڵەی سەر خوانچەکی زڕاند. یانی بیکەن بە شەو کافە دائەخەم.

*          *          *

لەو شەوەوە لەگەڵ « ڕادا » بووینە ناسیاو، زۆربەی ئێوارانی هەینی دوای کاری ڕۆژانە ڕاست دەچوم بۆ ئەو کافەڕەستۆرانە. لەگەڵ « ڕادا» لەو کافە ڕیستورانەدا جێگایکی دیاری کراوی خۆمان هەبوو. مێزێک لە نزیک پەنجێرەکە. پێتان سەیر نە بێ کە دەڵێم

جێگای دیاری کراوی خۆمان هەبوو، ئەو ژنە چینی یەی خاوەنی کافە ڕەستۆڕانەکە، ڕێزی دەگرتین. وابزانم هۆی ڕێزی هاوبەشمان، غەریبیەکەمان بوو. بەڵام پەیوەندی سەرەکیمان ئەوبوو کە ئەو فرۆشیارە و ئێمەش کڕیارێکی خۆش مامەڵە بووین. هەڵبەتە خوا هەڵناگرێ، ڕێزی لە هەموو میوانەکانی دەگرت. میوانە لەمێژینەکانی، زۆر خۆمانە بانگیان دەکرد « ماما » منیش وەکوو «ڕادا»، بانگم دەکرد « مام ». بە کوردی لەگەڵ میوانەکانی وەکوو دایەگەورە هەڵسوکەوتی دەکرد. هەڵبەتە ژنە کە لەگەڵ کوڕ و کچەکەی بە بنەماڵەیی خاوەنی ئەو کافەیە بوون، بە هاوکاری و تێکڕایی کار و باری کافەکەیان هەڵ دەسووڕاند. بەڵام ژنەکە سەر پەرشتی کافەکە بوو.

« ڕادا » و من ئەو کافە ڕەستۆڕانمان ناو نابوو « کافە غەریبان » هەر دەم بمانویستایە یەکتر ببینین بە تەلەفۆن یەکترمان ئاگادار دەکردەوە، کە لە کوێ چاومان بەیەک بکەوەێ، دیارە لە » کافە غەریبان ».

« ڕادا » ئاوارتە بوو. مامۆستای موسیقی و زمانی زگماکی خۆی، یانی سەربۆکراسی بوو. هەڵبەتە ڕووسی، ئینگلیسی، ئاڵمانی و سوێدیشی دەزانێ. و لەگەڵ » ڕادا » لە فەزای غەریبی و نامۆیی خۆمان دا گوێمان لە موزیکی چینی، و قاقای پێکەنینی میوانەکان،دەگرت. یان پێکەوە دەچونە دنیای ئەدەبیاتەوە. لە ڕووسییەوە پێدا دەهاتین تا دەهاتینەوە سوێد و زمانی سوێدی. هەر دەم « ڕادا »ی یوگوسلاوی قسەی دەکرد، شەش دانگ هۆشم لای ئەو بوو.

نیوەی زیاتری ڕەشەمە و نیوەی کەمتری خاکەلێوە گۆیا شەو و ڕۆژ هاوتایە لەگەڵ نەورۆزی کوردی. دوو حەوتوو پێش جەژنی نەورۆز لە » ڕادا »م گێڕابووەوە کە لە جەژنی نەورۆزی « کوردۆ » دا بەشداری بکا. گوتی « بە گیان و دڵ پێم خۆشە، دڵنیا بە کە دێم».

چەند ڕۆژێک خەبەرم لە ڕادا نەبوو، چومە » کافەغەریبان » لە مامانم پرسی ئەرێ هیچ هەواڵێکت لە » ڕادا » هەیە؟ گوتی:" لادا !" ! ماما نەی دەتوانی پیتی «ڕ» بە زمان بێنێ «ڕ» ی بە »ل» بە زمان دێنا. زۆر جار لە خۆمی دەپرسی « خەڵکی کوێی؟ » دەمگوت « ئێران » پێدەکەنی و دەگوت ها " ئیلان "

دڵپەرۆش و دڵنگرانی سلامەتی « ڕادا » بووم. کەوتمە پرس وجۆ. تەلەفۆنم کرد بۆ ئەوانەی کە « رادا » یان دەناسی. جاران تەلەفۆنەکەی پەیام وەرگری هەبوو. دەیگوت پەیامەکەت دانێ، دوایە وەڵامت دەدەمەوە. بەڵام ئێستا ئەوەش نەبوو.

چ بکەم، ڕوولەکویکەم، چۆنی پەیداکەم؟ یان بەکێدا هەواڵیکی بزانم. ئیمەیلم بۆنارد، بەڵام هیچ وەڵام نەبوو. دەستم بە هیچ لایەک نەدەگەیی. ناونیشانی ماڵەکەیم نەدەزانی.

چەن ڕۆژێک لە سەر یەک تەلەفۆنم دەکرد و هیچ دەنگێک نەبوو. بیرم بۆ زۆر جێگا دەچوو. تەلەفۆنم بۆ ڕاگیاندی نەخۆشخانەی شارکرد. گوتیان کەسێک بەو ناو لێرە نییە. هەموو ڕۆژێک دەچومە » کافەغەریبان » و دەمپرسی. مامان یان کچەکەی دەیان گوت نەمان دیوە. ئێوارەی ڕۆژی هەینی دیسان تەلەفۆنم کرد بۆ « ڕادا ». سەیر ئەوە بوو ژنێک بە دەنگێکی نەرم و خەماوی وەڵامی داوە. « گوتم دەمویست لەگەڵ ڕادا قسەبکەم ». بەگریانەوە گوتی« یانی باوکەم » تێگەیم ئەوە کچەکەیەتی کە زۆر جار « ڕادا » بە خۆشەویستییەوە باسی دەکرد. پرسیم « چ قەوماوە ؟ گوتی « باوکم کۆچی یەکجاری کرد. ئەوە لە ساردخانەیە. ڕۆژی یەکشەمە وەری دەگرینەوە کە بەخاکی بسپێرین ». گوتم « ناونیشانی گۆڕستانەکەم بەدەیە. منیش پێم خۆشە لە بەخاک ئەسپاردە کردنی دا بەشداری بکەم ». ناونیشانم وەرگرت و شوێن و کات دیاری کرابوو.

دەستەێکم گوڵە مێخەکەی لە گوڵفرۆشکەی شەقامی قەبران کڕی و چووم بەرەو شوێنی دیاری کراو. ماشێنێکی ستێشن، وێنەی ئامبولانس، تەرمی پاک وخاوێن شۆردراو، و ئاوگوڵاو پڕاوکراوی « ڕادا »ی لە تابوتێکی جوان تاشراوی، سپی وەک بەفر بەرەو گۆڕ دەبرد. قەشەیکی کلیسا، کچەکەی « ڕادا » ژن و پیاوێکی هاو وڵاتی خۆیان و من. بەدوای ماشێنەکەوە. ئارام، هێدی هێدی دەڕۆیشتین. جا، سەیر ئەوە بوو. « نە تەوڕات، و ئیجیل و قورئان خوێند لە ئارادا بوو. نە موزیکی مارشی مەرگ. بێدەنگ، بێگریان و نوکەنوکی ژنان، نە دەنگی ناخۆشی قاڕی، نە ڕەشپۆشی ». چەن خول بێدەنگی، هەموو ئازاد لە سروشتی سروشتدا ڕەها. . .

بە بێڵ ماشێنێکی تایبەتی تابوتی جوان تاشراوی، سپی وەک بەفریان شۆڕیان کردەوە بۆ نێو گۆڕەکە. کابرای قەشە دەستی بەرەو ئاسمان هەڵێنا دوعای بە زمانی خۆیان خوێند و سووڕێک بێدەنگی ڕاگەیان. دوای بێدەنگی، یەکەیەکە ، هەرکەسەی دەستە گوڵێکیان لە سەر تابوتەکە دانا، سەریان دانەواند بۆ سەر سینگیان و سپاسە و ماڵاواییان کرد. . .

ڕەحمان سۆفی / سوێد

2011 / 11 /11